ئەگەر پێمانوابێت ، وەڵامەکانی ئێمە تەواو و دوا دەرکی مرۆڤایەتین ، ئەوا خەریکین لە خۆمان بتێك سازدەکەین. هەروەها ئەگەر پێمانوابێت ، ئەو سیستەمی ڕێکخستنەی کۆمەڵگە ، کە ئێمە خەباتی بۆ دەکەین ، دوایین چاوەڕوانی و گەشەیەکە ، کە مرۆڤا ی پێیدەگات ، ئەوا دیسانەوە خەریکین پووچگەرایيەکی دی لە تەپوتۆزی پۆوچگەراییەکانی دیکە ، چێدەکەینەوە. ر ـ یزم بەهەشتێك نییە لە ئاسمانەکانەوە دایگرین و لە پەڕاوی ئەفسانەکاندا بیدۆزینەوە و مۆدێرنیزەی بکەین ، سۆشیالیزم خەونی مرۆڤی زیندووە و بە پراکتیکی شۆڕشگێڕانە کەتواریی دەبێتەوە و سەرکەوتنیشی لە کولتووربووندا دەبێت ، بەبێ ئەوە ، لە خەیاڵی گۆشەگیرانە و فەنتازی ئایدیالیستانە بەولاوەتر نابێت. هەژێن

## بەشی دوازدەهەم

### ئایا لە خورت و خۆراییە کە مارکسیەکان ئەنگۆ بە ئاژاوەچی و دژە کۆمۆنیزم و دژە کرێکار دەزانن یا بەڕاستی ئەنارکیزم هەر ئەوەیە ؟

دەبێت ئەوە بڵێم ، بەداخەوە زۆرێك لە کەسە ناڕا ـی و شۆڕشخوازەکان ، کە بەهۆی زاڵیی ئایدیۆلۆجیای دەسەڵاتخوازان [چەپەکان و مارکسیستەکان ] ، ئەنارکیزم بە دوژمنی کرێکاران دەزانن و ڕەتیدەکەنەوە ، هەڵبەتە وەها هەڵوێستگیرییەك لە ـ ،ن بنکەی یا بەشی خوارەوەی پارت و گروپە ڕامیارییەکانەوە ، لە ـوون و نەبوونی زانیارییانەوەیە لەمەڕ ئەنارکیزم چ وەك هزر و چ وەك بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی. چونکە زۆرێك لەوانە کاتێك کە دەکەونە ئاخاوتن لەمەڕ دونیای خەون و ئا ،زەووبان ، دەقاودەق کۆمەڵگەی ئەنارکی وێنادەکەن ، بەڵام گیرۆدەیان بەهۆی ئایدیۆلۆجیاوە ، توانای بەگەڕخستنی بیرکردنەوە و تێڕوانینی کەسیی و ئاوەز و لۆجیکی ێ سەندوونەتەوە ، بەدڵنیاییەوە دەوێرم بڵێم ، ئەگەر ئەو کەسە دڵسۆز و ـۆشیالیستخوازانە ، چەند ساتێك لە کاتیان بر بەراوردی ئەوەی بەرانبەر ئەنارکیزم لەلایەن دژەکانییەوە گوتراوە و ئەوەی کە ئەنارکیزم بەخۆیی [وەك هزر و مێژووی کۆمەڵایەتی بزووتنەوەکە ] هەیە و چیە ، بکەن ، ئەوان نەك هەر دەبنە ئەنارکیست ، بەڵکو ئەنارکیستبوون و تیکۆشان بۆ ناساندن و پەرەپێدانی ئەم هزرەدا ، لەتەك ئێمەی ئەنارکیستدا دەکەونە پێشبڕکێ و توانای بیرکردنەوە و ئاوەز و تێڕوانینی وردبینانەی خۆیان بەدەستدەهێننەوە و بە پێچەوانەی تێگەیشتنی دەوڵەتیی و پارتییانەوە [ڕامیارییانە] بۆ سۆشیالیزم ، ئەنارکیزم وەك سۆشیالیزمی ئازادیخواز [تێگەیشتنی کۆمەڵایەتییانە] وێنا و دەرکدەکەن.

هەروەها بەرانبەردا هیچ گومانم لەوە نییە ، کە ئیدئۆلۆگەکانی سۆشیالیزمی دەوڵەتی ، زۆر هوشیارانە و بە وریاییەوە دژایەتی هزر و بزووتنەوەی ئەنارکی دەکەن و دەیشێوێنن ، چونکە هزر و تێڕوانینی ئەنارکی دژایەتی سەروەرییخوازیی و ئۆتوریتەگەریی و پاوانگەریی و چەپاوڵگەریی ئەوان و گشت خۆ بە ڕ بەرزان و شوانە ڕامیارییەکان دەکات و ئەگەر بەرێکەوت و بە هەڵە سەرۆك و ئەندامانی نووسینگەی ڕامیاریی و کۆمیتەی نێوەندی پارت و گروپە دەستەبژێر و سکتاریستەکان ببنە هەڵگری هزر و تێڕوانینی ئەنارکی ، ئەوا پێویستە دڵخۆشنەبین و بە وریایی و سەرنجەوە لە ،ەربڕین و نووسین و چالاکییەکانیان بڕوانین. ـری هەیە بە ئەگەرێکی زۆر زۆر کەمەوە ، ڕۆژگارێك سەرمایەدارێك لەژێر پەروەردەی خێزانی و هاندانی ئایینییەوە بۆ کۆمەکی هەژاران دەستبەرداری سەرمایەکەی ببێت و کارخانە و کێڵگەکانی بکاتە هەرەوەزیی کۆمەڵایەتی و دارایی کۆمەڵگە ، بەڵام هەرگیز من هیچ کات بڕوا و متمانەم بەو کەسانە نییە ، ئەوانەی ، دەتوانن سەروەر و فەرماندەری ئەوانی دیکە بن [هەر لە سەرۆکشانەیەکەوە تا دەکاتە سەرۆکی پارتێك ] ، بتوانن ببنە ئەنارکی و دەستبەرداری خۆباڵابینینی ۆیان بن و واز لە پوچگەرایی پێشڕەوایەتی و شوانەیی جەماوەر بهێنن ، چونکە دەسەڵاتخوازان بەشی پێشڕەو و هوشیاری بۆرجوازی و وردەبۆرجوازی بۆڵەبۆڵەکەرن ، ئیدی لەژێر هەر پۆشاك و ناوێکدا خۆیان بە کۆمەڵگە بناسێنن و تێبکۆشن ، هیچ لە کرۆکە سەروەرییخوازەکەیان ناگۆڕێت !

لەبەرئەوە منیش پێداگریی ـەر بۆچوونەکەت دەکەم ، کە لە خورت و خۆراییەوە نییە ، کە دەسەڵاتخوازە بەناو سۆشیالیستەکان دژایەتی شێوازی خەباتی ئەنارکیستی دەکەن. ئەوان بەوپەڕی هوشیارییەوە بەو کارەهەڵدەستن ، چونکە لە جێکەوتنی هەر شێوازێکی چالاکی و کارکردن و بیرکردنەوەی ئەنارکییدا ، بۆشبوونی ـرێپێی خۆیان لە نێو بزووتنەوەکەدا دەبنن. ـ واتایەکی دیکە ئەنارکیزم وەك شێوازی بیرکردنەوە ، تاکی ئازادیخواز بەرەو ـانەکردن بە تواناییەکانی خود و یەکێتی لەتەك هاودەردانی و سەربەخۆیی چالاکی و ڕێکخراوبوون دەبات ، کە ئەمە بە دیوەکەی دیکەیدا دەکاتە ـشتتێکردن و ـڕازهێنان لە وابەستەیی ، لە دستەمۆبوون ، لە لەخۆنامۆیی ، لە ڕامبوون بۆ ڕامیاران. بە کورتی ئەنارکییەکان لە خەباتی کۆمەڵایەتییدا ـر ـ ـ ـ ـن بۆ ڕامیاران ناهێڵنەوە ، کە بزووتنەوەکە ڕەدووی دەسەڵاتخوازان بکەوێت ، بۆ ئەوان سۆشیالیزم نە فازێکی باڵای پێگەیشتنی بەرەبـ ر ـن گەشەی ئابووریی و ڕامیارییە ، نە بەرەنجامی نەخشە و لەقاڵبدانی ئایدیۆلۆجی کۆمەڵگە لەلایەن پارتی "پێشڕەو" ـر نە بەرهەمی بەزەیی و ـڕزداریی سەرمایەداران و سەروەران ، بەڵکو بەرەنجامی کار و چالاکی هوشیارانەی بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیی دژە سەروەرییە و تەنیا ویستکردنی یەکگرتووانەی چەوساوان بۆ ڕزگاربوون لە کۆت و بەندەکانی کۆمەڵگەی چینایەتی ، دەتوانێت مسۆگەرکەری وەها ئامانج و داهاتوویەك بێت!

### ئەنگۆ کو دەڕوانن پرسی یەکسانی ژن و پیاو ؟

پێش ئەوەی لە پرسی یەکسانی و ڕزگاریی ڕەگەزیی بدوێین ، پێویستە خۆمان لەسەر خوێندنەو ـ ـەمکەکە یەکلاییبکەینەوە ؛ ئایا مەبەست لە یەکسانی ، یەکسانبوونی ژنان و پیاوانە لە کۆیلەتییدا [یەکسانی لە ملکەچیدا بۆ فەرمانی سەروەرانی کۆمەڵگە] یا ڕزگاربوونی یەکسانانەی مرۆڤە لە ـەروەریی مرۆڤ بەسەر مرۆڤ و ڕزگاریی لە پێکهاتە سەر و خوارییەکان ، یەکسانی ڕزگاربوون لە کۆتوبەندە ئابووریی و کولتوورییەکان ، یەکسانی لە گەیشتن بە بەها مرۆییە باڵاکان ؟

ر ... دروشمی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە دژە سەروەرییەکان ، ئیدی ئەو کات هەر ستەم و هەڵاواردنێك تەنیا بواری یاسایی و ڕامیاریی و ئابووریی سیستەمی سەروەرییدا دەمێنێتەوە و وەك بنەمایەك بۆ پاراستن و هێشتنەوەی سەروەریی چینایەتی هەوڵی مانەوە و درێژەبەخۆدان دەدات. لەو بارەشدا ڕوونە مێژووییەکانی خەبات و تێکۆشانی چەوساوان نیشانداوە ، وەلانان و سڕینەوەی بە کۆی خەباتی جەماوەریی و هاوسەنگی نێوان هێزی شۆڕش و دژەشۆڕش پەیوەستە. ئەگەر نا هەر دابڕاندنێك لەسەر بنەمای ڕەگەزیی و ناسیونالیستی و ئایینی و ..تد لە خەباتی کۆمەڵایەتییدا ، تەنیا لە ر ... ،روەرمانەوەی سیستەمی چینایەتی تەواودەبێت و تاقانە پەرجووی مانەوە و درێژەکێشانی سەروەریی چینایەتیی کەمینەیە بەسەر زۆرینەدا ، هەر ئەو دابڕان و ناتەباییە کۆەڵایەتییەیە!

## لە نووسینەکانتدا کەمتر قسە لە چینی کرێکار دەکەیت ، بۆچی ؟

. ی ، ئاوایە ، ئەمەش لەبەر چەند هۆیەك ، یەکەم تەنیا چینی کرێکار لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا ناچەوسێتەوە ، بەڵکو هەموو کرێگرتەیەکەیەك ، هەموو نەدارێك و هەموو ژێردەستێك [بێدەسەڵاتێك ، فەرمانداریيکراوێك] چەوسێتەوە ، بێجگە لەمەش بە پێچەوانەی سروتە ئایینییەکانی چەپ لەمەڕ کرێکاران ، کرێکاران هەمووان شۆڕشگێڕنین چ وەك تاك و چ وەك چین ، تەنیا کرێکارانی هوشیار و سۆشیالیست ، کرێکارانی خەباتکار بۆ کۆمەڵگە ناچینایەتی شۆڕشگێڕن. چونکە زۆرینەی کرێکاران وەك هەر کۆیلەیەکی دیکەی خۆشباوەڕ و سۆپاسگوزار لە شوێنی ژیانەوە تا کارخانە ، لە ر ررر . ب بە کاندیدانی پارلەمان ، لە بەکاربەریی نادەربەستەوە تا پێداگریی لەسەر دەسەڵاتی کەنیسە و مزگەوت ، لە هەڵاواردنی ڕەگەزیی وە تا شانازیی ناسیونالیستانە و نەژادپەرستی و دژایەتی کرێکارانی کۆچەر ، بە ژیان و بیرکردنەوە و ئامادەییانەوە، چ ڕاستەوخۆ و چ ناڕاستەوخۆ سیستەمی چینایەتی دەپارێزن. هەروەها بێجگە لەمەش داواکردنی زیادکردنی کرێ و هەندێك داخوازیی دیکە بەپێی هەڵاوسانی دراوی و بەرزبوونەوەی نرخ ، ناکاتە شۆڕشگێریی کرێکاران ، ئەگەر ئەوە بۆ شۆڕشگێڕبوون بەسبێت ، ئەوا پۆلیس و هێزە سەرکوتگەرەکانی دیکەش وەك توێژێکی کۆمەڵگەی چینایەتی ، زۆر جار خۆنیشاندان ر نارەزایەتی و داوای زیادکردنی مووچەکانیان دەکەن. هەڵبەتە مەبەستم ئەوە نییە ، کە خەباتی ڕۆژانە بۆ باشترکردنی گوزەران ڕەتبکەمەوە ، نەخێر دەمەوێت بڵێم ، بەبێ هەبوونی تێڕانین و جیهانبینییەکی شۆڕشگێرانە لەو خەباتەدا [ڕەتکردنەوەی سیستەم و ـەروەریی چینایەتی وەك هۆکاری نایەکسانیی] ، سەرەنجام هەموو هەوڵ و خەباتێکی چەوساوان بە سووڕانەوە لە بازنەی خۆشباوەڕیی ڕیفۆرمیستانەدا کۆتاییدێت.

بێجگە لەوەش ، من واژەی پرۆلیتاریا [کرێگرتان/ بێدەسەڵاتان] جیاتی واژەی پیرۆزکراوی 'کرێکاران" ـە دروستتر دەزانم و ـەوەش بەکاردەبەم ، چونکە هەموو چین و توێژە بندەست و چەوساوە و بێدەسەڵاتەکانی کۆمەڵگە دەگرێتەوە ر ،گەر قسە لە چەوساوەیی بێت ، ئەوا هەموو تاکێکی نادارا و ،سەڵات لە سایەی سیستەم و پێکهاتەی چینایەتییدا بە ڕێژەیەك دەچەوسێتەوە ، بەڵام چەوساوەبوون ناتوانێت شوناسی شۆڕشگێڕبوونی بێت و ر. ربوون خۆبەخۆ تاکە پێکهێنەرەکانی چینی کرێکار ناخاتە بەرەی شۆڕش و دژایەتی سەروەریی چینایەتی ، بەپێچەوانەوە ئەگەر خۆشباوەڕیی و مادەیی چەوساوان بۆ پاراستنی سیستەمی چینایەتی نەبێت ، هەرگیز کەمینەیەکی سەرمایەدا و سەروەری سیستەمەکە ، ناتوانێت کۆمەڵگەیەکی شەش ملیارد مرۆیی لەم بارەدا ڕابگرێت.

هەروەها نەوتراو نەمێنێتەوە ، ئەو هەموو پیرۆزکردنەی کە پارتە چەپە ن بۆ کرێکارانی دەکەن ، هۆکارەکەی بۆ لایەنگریی ئەوان بۆ ڕزگاری کرێکاران ناگەڕێتەوە ، بەڵکو بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئەم چینە بەدبەخترین و ناهوشیارترین چینە و بە ئاسانی دەتوانن ئەندامەکانی بکەنە پاشڕەوی خۆیان و ـ ب . ،ستبهێنن ، هەر لەبەرئەوەشە کە باوەڕیان بە خۆڕزگاریی کرێکاران نییە و بە دەبەنگ و بێتوانایان دادەنێن و بۆ ئەو مەبەستەش خۆیان وەك ڕزگارکەر و فریادڕەسی کرێکاران کاندیددەکەن.

ر . پ ندە و لاواندنەوەی چەپەکان بێت ، ئەوا بەپێی تێزەکانی ئەوان دەبوو سەروەریی چینایەتی یەك چرکە توانای خۆڕاگرتنی نەبووایە ، چونکە ـە لاواندنەوەی هەڵخەڵەتێنەرانەی ئەواندا زۆرینەی کۆمەڵگە کرێکارانن و کرێکاران چ وەك چین و چ وەك ك بەسروشت شۆڕسگێڕن و دژی یستەمی سەرمایەداری و خوازیاری کۆمەڵگەی کۆمونسیتین. . شە ، کاتێك کە سەروەران لە سەدا یەك و کرێکاران لە سەدا نەوەد و نۆ بن و لە سەدا (ـەوەد و نۆ)کە هەموو شۆڕشگێڕ و دژەسەرمایەداری بن ، ئەدی لە سەدا یەك چۆن بە درێژایی سەدان ساڵ توانای کۆیلەڕاگرتنی لە سەدا (ـەوەد و نۆ) ب هەبووە و هەیە ؟ ئایا ئەمە خۆخەڵەتاندنێکی ئایدیۆلۆجی نییە ؟ ئایا ئەمە چەشتەکردنی چەوساوان بە دیاریکراوی کرێکاران نییە بۆ ئامانجە دەسەڵاتخوازییەکانی پارت و پاشڕەوڕاگرتنیان ؟ ئایا ئەمە پارادۆکسی ڕامیاریی نییە ؟

لەبەرئەوە بە بۆچوونی من ، وەها تێڕوانینێك بەدرێژایی سەدەکانی ڕابوردوو تەنیا خزمەتی بە خۆشباوەڕمانەوە و شانازیکردن بە کۆیلەتی کردووە ، کە ئایینەکان و فاشیستەکان و چەپەکان بە کارکردنیان لەسەر جێخستنی تێڕوانینی پیرۆزیی و شازنازیی کار لە سایەی سیستەمی چینایەتیدا تا ڕادەی انازییکردن بە کرێکاربوونەوە ، کرێکارانیان گەوجاندووە ، وەك گوتم ئەو هەمووە تیۆریزەکردنەی شانازیداریی کاری چینایەتی و بەرزڕاگرتنی شوناسی ـ ینایەتی ، تەنیا لەپێناو یەك ئامانجدا بووە ، ئەویش خۆشباوەڕکردنی لەشکری کۆیلانە بە بەختەوەربوونیان لە سایەی بەدەسەڵاتگەیشتنی "پارتی پێشڕەو" و بەخشینەوەی بەڵێنی سەرخەرمانە بەسەریاندا ، هەڵبەتە ئەمە کار و پیشەی هەموو ڕامیارێکە لە چەپەوە بۆ ڕاست!

## ئێوە باوەڕتان بە ۆبوونەوەی گشتی هەیە؟

بەڵێ ، بەڵام هەڵبەتە تێڕوانین و بڕوابوون و گرنگی کۆبوونەوەی گشتی بۆ ئەنارکییەکان لە وەها وەڵامێکی کورتدا تەواونابێت ، چونکە ۆبوونەوەی گشتی تێڕوانین و ئەزموونگەریی ئەنارکییەکاندا مراز و میکانیزمێکە بۆ بەرگرتن بە تاکڕەویی و دەسەڵاتخوازیی دەستەبژێرە ئابووریی و

ڕامیاریی کان لە ئەنجومەنەکان و سۆڤیەتەکان و هەر وەزیە کرێکاریی و گەلییەکاندا. ئەمە بێ ە لەوەی کە وەك شێواز و میکانیزمێکی سروشتی خەباتی ژێردەستان لە کۆڕە کرێکارییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا گرنگیی مێژوویی سەلمێنراوەتەوە و لە تێروانینی ئەنارکییەکاندا بووەتە سروشبەخش و ئافەرێنەری سەنتێزەکان ، هەر خوێنەرێك لە دەرەوەی پێشداوەریی ئایدۆلۆجییدا دەتوانێك لە هەموو سەردەمەکاندا لە سەراپای ئەدەبیاتی ئەنارکیی [سۆشیالیزمی ئازادیخواز]دا پێداگریی بەردەوام لەسەر ئەو میکانیزمە سروشتییەی خەباتی کرێکاران و خەباتی جەماوەریی بەدیبکات ، لەو بارەوە ین بگەڕێنەوە سەر مشتومڕەکانی نێوان باڵی دەسەڵاتخواز و باڵی دژەسەرو ری نێو نێونەتەوەیی یەکەم ، کە تیایاندا ئەنارکییەکان لە نێو ر ،کانی نێونەتەوەیی یەکەم و لە دەرەوەیدا پێداگرییان لەسەر بنەمابوونی کۆبوونەوە گشتییەکان و کۆڕ و کۆمەڵە کرێکارییەکان دەکرد ، ر ك چۆن ئەنارکییەکان لە سۆڤییەتەکانی ڕوسیادا وەك جوتیاران و کرێ رن و سەربازانی هوشیار یەکەمین دەستپێشخەرانی پێکهێنانی سۆڤییەتەکان بوون و دواتر بە هۆی زاڵبوونی دەسەڵاتخوازیی بۆلشەڤیکەکان ، لە مێژووی شێوێندراوی ئەو ساڵانەدا ، سۆڤییەتەکان کرانە دەستکردی کادرە ڕامیارپیشەکانی بۆلشەڤیك ، هەر ئاواش کۆبوونەوەی گشتی وەك میکانیز ی ڕێکخراوبوون و بڕیاردانی نێو کۆڕە خەباتکارییەکانی جوتیاران و کرێکاران و سوونەتی کاری ئەنارکیستەکان ، شێوێنراوە و دەشێونرێت و ل کرۆکە ئازادیخوازانەکەی کەوڵدەکرێت.

بەپێچەوانەی تیروانین و بەکاربردنی مارکسیستەکانەوە ، کۆبوونەوەی گشتی تەنیا ئامرازی هەڵبژاردنی ئازاد نییە ، بەڵکو ئامرازی بڕیاردان و دابەشکردنی کار و بەرێوەبردنیشە ، بەر اتایەکی دیکە ، لە کۆبوونەوە گشتییەکاندا هەم پرسەکانی کۆمەڵگە و پرسی گروپ و ڕێکخراوە خۆجییەکان دەخرێنە بەر یدوان و هەم بڕیاریان لەسەر دەدرێت و ه م کەسانی ئامادە و خۆبەخش بۆ جێبەجێکردن و درێژەپێدانیان دیاردەکرێن و هەم ئۆرگ نەکانی کار و چالاکی هەڵدەبژێردرێنەوە ، ئەمە جیاوازی سوشیالیستە ئازادیخوازەکان و دەسەڵاتخوازە بەناو سۆشیالیستەکان دیاریدەکات.

وەك گوتم ، کۆبوونەوەی گشتی یا کۆبوونەوەی جەماوەریی چین و توێژە ژێردەستەکان لە ڕەوت و کۆڕی خەباتی ڕۆژانەدا ، داهێنراوی کەس نییە ، ڕێسا ر ر ڕێکی خۆبەخۆی خەباتی چینایەتییە و لە هەموو سەردەمە مێژووییەکاندا بوونی هەیە ، تەنیا جیاکەرەوە و تایبەتمەندییەکی سەردەمیی کە هەیبێت ، بۆ سەرەبەخۆیی و ناسەربەخۆیی ڕێکخراوەکانی خەباتکاران دەگەڕێتەوە ، واتە کاتێك کە ڕێکخروە جەماوەرییەکان پاشکۆی پارتێك یا هەر دەستەبژێرێکی ڕامیاریی بن ، ئەوا خۆبەخۆ کۆبوونەوە گشتییەکان لە کرۆکە خەباتکارانە و شێوازە ئازادیخوازانەکەیان کەوڵدەکرێن و ئەوی دەمێنێتەوە ، تەنیا ناوێکە و وەك دێوجامە بە باڵای شێواز و میکانیزمێکی دیکەدا دەبڕدرێت. بۆ نموونە لە پاش ڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١وە هەم لە شوراکاندا و هەم لە ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی دواتردا ، پێش دەستپێکردنی کۆبوونەوەکان لەلایەن ڕێکخراوە ڕامیارییەکانەوە کەسەکان دیاردەکران و ئەندامان بۆ دەنگدان بەوان و هەڵبژرادن و پەسەندکردنی بۆچوون و بڕیارەکانیان ئاگادارەدەکرانەوە. هەڵبەتە ئەم کارکردە هەم لە کۆبوونەوەی گشتی گەڕەك و ئوردووگەکاندا ر ر ر ر هەم لە کۆبوونەوەی گشتری ئەندامان و لیژنەکانی ڕێکخراوەکاندا دەگیردرایەبەر ؛ لەو شوێنانەدا کە بەشداریی هەمووان ه بوو وەك وردووگەکان ، کۆبوونەوە گشتییەکان تەنیا شوێنێك برون بۆ ساخکردنەوەی ڕامیاریی گروپی زاڵی نێو ڕێکخراوە جەماوەرییەکە و بەشداربووان هیچ ئاشنایەکییان بە شێوازی کارکردن و گرنگیی لایەنەکانی نەبوو و تەنیا دەنگدانێکی ناڕاستەوخۆ بوو ، واتە کەسانێك هەڵدەبژێردران و ئیدی هەر کەس بۆ ماڵی خۆی و چاوەڕوانمانەوەی ڕابەرانی ئاسمانی. بەڵام لە کۆبوونەوەکانی ڕێکخراوەکاندا پرسەکە لە میکانیزمی گشتی دەنگدانیشدا نەدەمایەوە و تا ڕادەی دەستەگەریی و پێشتر دیاریکردنی دەنگدانەکان و فەرمیدان بە ڕابەران بەرتەسکدەبووەوە و هەر گروپێك ئەندامانی گوێڕایەڵی خۆی بۆ دەنگدان بە ڕامیارپیشە بە ڕابەر ر ی بەرێدەکرد و کۆبوونەوە بەناو گشتییەکان دەبوونە شوێنی یەکلاییکردنەوەی شەڕەدەندووکی گروپەکان و ئەندامە دەسەڵاتخوازەکانیان [ئۆتوریتەخوازەکانیان].

ر ر ر ی ە لە بارەی تێگەیشتنی چەپ لە کۆبوونەوەی گشتی و چۆنیەتی بەکاربردنی بۆ شاردنەوەی ئامانجە ڕا یارییەکان و خواستی دەسەڵاتخوازیی و سروشتە خۆسەپێنەرانەکەی خۆی [چەپ] ر هەروەها تێگەیشتنی مێژوویی ئازادیخوازانە بۆ کۆبوونەوەی گشتی و گرنگی وەك میکانیزمێك بۆ بەرگرتن لە پاوانگەریی و خۆسەپێنی گروپە ڕامیارییەکان و پاشەروانیان لە خەباتی جەماوەرییدا.

### بە بۆچوونی تۆ فاشیزم چیە کە هەمیشە هەموو دەوڵەتێک بە فاشیست ناو دەبەیت؟

فاشیزم ر دەبەکی کۆنی کۆمەڵگەی مرۆیی نییە ، بەڵکو هاوەڵدووانەی دەوڵەتی نەتەوەییە و ڕێکخستنی ڕامیاریی مامان و دایانییەتی. پێش هەموو شتێك بیرۆکەیەکی ڕامیارییە و ، پرۆسێسی خۆڕێکخستنی هەڵگرانی بیرکەکە لە ڕێکخستنێکی قووچکەییەدا ، وەك ئایدیۆلۆجیای پارتایەتی دەردەکەوێت دەبێتە دەمارگیریی ر ر تی هەموو جیاوازییەك و هەموو هەوڵ و بوونێکی دەرەوەی رپە ڕامیارییەکە دەکات ؛ دواجار دەبێتە کولتووری ئەندامان و لایەنگرانی گروپە ڕامیارییەکان و تێروانین و جیهانبینی و گوفتار و ڕەفتاریان پێکدەهێنێت. کاتێك کە بوو بە کولتووری تاك ، ئیدی هەموو سنوورەکانی بڕیوو ر موو پەیوەندییە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکانی تێکداون و لەنێویبردووون و تاکی هەڵگر سەربەخۆیی بیرکردنەوەی دەستداوە و ئیدئۆلۆگەکانی بزووتنەوە فاشیستییەکە گوفتار و ڕەفتاری دیاردەکەن و ئاراستەیدەکەن ە واتایەکی دیکە هەموو ڕەخنەیەك لە گروپەکەی بە مەترسی لەنێوچوونی و دژایەتی خۆی دەزانێت و هەموو ناپارتییەك و ناخۆدییەك بە دوژمن دەبینێت. لەو بارەوە ئەگەر سەرنجبدەین ، هەموو گروپێکی ڕامیاریی ، هەموو پێکهاتەیەکی قووچکەیی ، هەموو دەوڵەتێك لە سروشتی بوونی خۆیدا ، هەڵگری گەرای فاشیزمە و لەتەك گەورەبوون و پیربوونی ، فاشیزم بە لوتکەدەگات. هەروەها زۆر جار فاشیزم لە کاردانەوەدا هەستپێدەکرێت و تا کاتێك کە ئەندام یا گروپەکە هەست بە مەترسی نەکات ، دیوە ڕاستەقینە [فاشیستییەکەی] خۆی نیشانن ، ئەمە لە بارەی دەوڵەتانیشەوە هەر ئاوایە ، دەوڵەت تەنیا لە کاتی تەنگەتاویدا دیوە فاشیستییەکەی دەردەخات !

زم زادەی سەروەرییە و پێداویستی یا میکانیزمی پاراستنی سەروەرییە لە کاتی خواستراودا. بەرئەوە هەم دەتوانێت لە بیرۆکەی ئایینی و ناسیونالیستیەوە سەردەربهێنێت ، هەم ئەگەری سەرهەڵدانی لە بیرۆکەی سۆشیالیزمی دەسەڵاتگەرایانەدا هەیە ، هەم زادەی دەسەڵاتی کولتوورە و هەم ڕ دەی دەسەڵاتی ڕامیاریی. هەر کات هەر کەس و هەر گروپێك چ ئابووریی و ڕامیاریی و چ کولتووری ، پێیوابوو کە ڕاستی ڕەها لای ئەوە ، ئەوانی دیکە هەموو نەزانن و پێویستیان بە دەستەبژێریی و ڕابەریی و سەروەریی ئەو هەیە ، ئەوا بانگی فاشیزمی خۆی ڕاگەیاندووە. لە سەرووی هەموو ئەمانەوە

ر ب اشیزم لە سیستەمی سەروەرییدایە ، واتە دەوڵەت بە هەموو شێوەکانییەوە ، بێشکە و لانکی جۆرێك لە فاشیزمە و هەر کات سەروەریی خۆی کەوتە مەترسییەوە ، ئەوا بێپەردە دەینێرێتە سەر شەقامەکان تاوەکو خرۆشان و ڕاپەڕینی چەوساوان لەبەردەم خۆیدا ڕابماڵێت ، یا بەو ایەکی دیکە ، وەڵدووانەی دەسەڵاتی سەرووخەڵکی [قوچکەیی]یە ، ئیدی ئەو دەسەڵاتە سەرووخەڵکییە دەوڵەتێکی پاشایی بێت یا دەوڵەتێکی کۆماریی تاکپارتی و سەربازیی و پارلەمانیی بێت.

ر کەسانی وریا و مەستەوەر ئەمڕۆ فاشیزم وەك گوتار و وەك ڕەفتار لە ڕاگەیاندنی گشت دەستەبژێر و پارت و ئاراستە ڕامیارییەکان و لیست و باڵەکانی دەسەڵات و لە میدیای زاڵدا ، لە هەموو جێیەك و لە هەموو ساتێکدا سەرەتاتکێدەکات ، بەڵام هێشتا بەو ڕادە تەنگەتاو نەبووە ، کە تانك و دەستە "سەد ڕەشەکان"*ی یا لایەنگرە** 'کراسڕەشەکان"ی بڕژێنێتەوە سەر شەقامەکان . وەك ئەزموونی مێژوویی هەردەم بزووتنەوە و دەسەڵاتە فاشیستەکان لە بەرانبەر پەرەسەندنی خەبات و بزووتنەوە ئازادیخوازەکاندا وەك وەڵامدانەوە بە پێداویستی پاراستنی سەروەریی چینایەتی [ دەوڵەت] لە ەڵچووندا بووە ، لە وڵاتی ئیتالیا کۆمیتەی کارخانەکان و بزووتنەوەی سۆشیالیستی بەڕادەیەك مەترسییان لەسەر دەوڵەت دروستکردبوو ، کە پۆلیس و دەزگە سیخورییەکان ناتوانا دۆشدامابوون و شکستی کۆمەڵایەتیی ڕۆژ بە ڕۆژی خۆیان دەدیت ، لەبەرئەوە تەنیا بزووتنەوەی فاشیستی 'کراسڕەشەکان" ی لە جەنگێکی کۆمەڵایەتیی فرە ڕەهەنددا ، کۆبوونەوە کرێکارییەکان کوتەککاری بکات و ئەرکە سەرەکییەکەی دەوڵەت لە ئەستۆبگرێت. رەها لە ئاڵمانیا و لە وڵاتی ئیسپانیا ی ە بەرانبەر بزووتنەوەی سۆشیالیستی و سەرهەڵدانی خۆبەڕێوەبەرایەتی هەرەوەزییە کشتکاریی و شەسازییەکاندا ، تەنیا هێزە فاشیستەکەی جەنەڕاڵ فرانکۆ بە کۆمەکی فرۆکە جەنگییەکانی هیتلەر و چەکدارە بەکرێگیراوەکانی ، توانی بە زرێپۆش و ،کانی گوللەبارانکردن دوا سەنگەر و ماڵ و دوا جەنگاوەر و دوا کێڵگە و دوا کارگە ، لەنێوبەرن!

بەکورتی فاشیزم ، ڕەنگدانەوە و کردەییکردنەوەی کینەدۆزیی ناسیونالیزم و شۆڤێنیزمە لە دەسەڵاتدا ، واتە بە لوتکەگەییشتنی نیشتمانپەروەریی و و نەتەوەپەرستی [لێرەدا مەبەست لە نیشتمانپەروەریی ، خواستی ژێردەستان نییە بۆ ڕزگاربوون لە داگیر ەر ، هەروەها مەبەست نەتەوەپەرستی ، هەستی هاوزمانی و ئارەزووی ئازادیی کولتووریی نییە ، بەڵکو مەبەست لە ئایدۆلۆجیاکانی دەسەڵاتداریی بۆرجوازییە بەناوی نەتەوە و نیشتمانەوە]. لە مێژووی یشتمانپەروەریی و نەتەوەپەرستییدا موسۆلینی و پارتەکەی ، هیتلەر و پارتەکەی و سەدام و پارتەکەی نموونە زیندووەکانی سەردەمی ئێمە و پێش ئێمەن. هەموو بزووتنەوەیەکی ڕامیاریی و هەموو گروپێکی ڕامیاریی و هەموو پێکهاتەیەکی قووچکەیی و ڕامیاریی ، هەڵگری گەرای فاشیزمە و هەر کەس ئاوڕدانەوەیەك لە ڕابوردووی ڕامیاریی خۆی ، لە گروپ و بزووتنەوە ڕامیارییەکاندا نائاگایانە هەڵوێست و تێڕوانین و گوتار و کرداری فاشیستیی یڕەوکردووە ، هەرچەندە هیچ کات ئامانجیشی ئەوە نەبووبێت یا لە خەیاڵی خۆیدا دژی ڕژێمێکی فاشیستی وەك بەعس'یش جەنگابێت ، بەڵام لە کاردانەوەیەکی فاشیستیدا خەریکی پەیڕەوکردنی فاشیسم بووە. لێرەدا دەتوانم نموونەیەك بهێنمەوە ، کە هەر ئێستا لە ڕووداندایە و ئەگەر بەرەنگاریی ر نبەر بتوانێت ببێتە مەترسی ، ئەوا بەداخێکی گرانەوە دەبینە بینەری فاشیزمی ناسیونالیزمی کورد لەم هەرێمەدا ؛ لە ئێستادا بە پاڵپشتی دەسەڵاتی ڕامیاریی ، شۆڤێنیزمی زمانی لە کاردانەوەدایە بەرانبەر داخوازیی ڕەوای ئاخێوەرانی زمانە کوردییەکانی دیکە [کەلهوڕی و هۆرامی و زازاکی و کرمانجی]، ڕەنگاریی و پێداگریی ئاخێوەرانی ئەو زمانانە گەیشتە یاخیبوون و مەترسی بۆ سەر خەونە شۆڤێستییەکەی ڕۆشنبیرانی دەسەڵات ، ئەوا اشیزم وەك مشتی پۆلایینی دەسەڵات ، اچاردەبێت خۆی لە پشت دێوجامە دیمۆکراسیەکەی دەربخات و خوێن و خاك و باروت تێکەڵبکات. ئەمە ب یا ترسی هەرەمەکی نییە ، ئەمە ڕاستییەکە و لە ساڵانی ڕابوردوودا نووسەران و ڕۆشنبیرانی دەسەڵات چەندین جار گڵۆپی سەوزیان بۆ خستنەگەڕی ماشێنەکەی بە فەرمانی " ەرۆك" هەڵ ردووە ، کە بۆ بەرگرتن بە ئازادی و بەکاربردنی مافی ڕەوایی دیگەران ، دیوە فاشیستییەکە دەربخات. هەروەها جەنگی نێوخۆیی ١٩٦١-١٩٩٨ ری نێوان پارتەکان و میلیشیاکان و دەسەڵاتدارانی بۆجوازی کورد تژیەتی لە دیمەنی دەرکەوتنی دیوە فاشیستییەکەی دەسەڵاتخوازان و هەردەم جەنگی سڕینەوەی یەکدیان کردووە !

************************************

* سەد ڕەشەکان ، هێزی تایبەتی ئیمپراتۆری تزاریی ڕوسیە بوون ، کە لە بەرانبەر ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٠٥ و ڕاپەڕینی فێبریوەری و ئۆکتۆبەری ١٩١٧دا بەکاریهێنان.

** کراسڕەشەکان ، لایەنگرانی موسۆلینی بوون ، کە کار و چالاکییان هێرشکردنەسەر مانگرتنی کرێکاران و چالاکی یەکێتی و سەندیکان و کۆڕ و کۆمەڵە سۆشیالیستەکان [کۆمونیستەکان و ئەنارکیستەکان] بوو.

************************************

خوێندنەوەی بەشی یەکەم ، کرتە لەسەر ئەم بەستەرەی خوارەوە بکە


بەشی یەکەم : http://wp.me/ppHbY-HN
بەشی دووەم : http://wp.me/ppHbY-HY
بەشی سێیەم : http://wp.me/ppHbY-If
بەشی چوارەم: http://wp.me/ppHbY-IH
بەشی پێنجەم: http://wp.me/ppHbY-IN
بەشی شەشەم:http://wp.me/ppHbY-Jg
بەشی حەوتەم:http://wp.me/ppHbY-Jo
بەشی هەشتەم: http://wp.me/ppHbY-Jv
بەشی نۆهەم : http://wp.me/ppHbY-JO
بەشی دەهەم :http://wp.me/ppHbY-JZ
بەشی یازدەهەم : http://wp.me/ppHbY-K5

## nojenkirdnewey Wellamekan - 12

Eger pêmanwabêt, wellamekanîême tewaw û dwa derkî mrovayetîn, ewa xerîkîn le xoman btêk sazdekeyn. Herweha eger pêmanwabêt, ew sîstemî rêkxistney komellge, ke ême xebatî bo dekeyn, dwayîn çawerrwanî û geşeyeke, ke mrovayetî pêydegat, ewa dîsanewe xerîkîn pûçgerayyekî dî le teputozî powçgerayyekanî dîke, çêdekeynewe. Soşyalîzm beheştêk nîye le asmanekanewe daygrîn û le perrawî efsanekanda bîdozînewe û modêrnîzey bkeyn, soşyalîzm xewnî mrovî zînduwe û be praktîkî şorrşigêrrane ketwarîy debêtewe û serkewtinîşî le kultûrbûyinda debêt, bebê ewe, le xeyallî goşegîrane û fentazî aydyalîstane bewlawetir nabêt. Hejên

## Beşî dwazdehem

Nojenkirdnewey wellamekan / 12

Eger pêmanwabêt, wellamekanî ême tewaw û dwa derkî mrovayetîn, ewa xerîkîn le xoman btêk sazdekeyn. Herweha eger pêmanwabêt, ew sîstemî rêkxistney komellge, ke ême xebatî bo dekeyn, dwayîn çawerrwanî û geşeyeke, ke mrovayetî pêydegat, ewa dîsanewe xerîkîn pûçgerayyekî dî le teputozî powçgerayyekanî dîke, çêdekeynewe. Soşyalîzm beheştêk nîye le asmanekanewe daygrîn û le perrawî efsanekanda bîdozînewe û modêrnîzey bkeyn, soşyalîzm xewnî mrovî zînduwe û be praktîkî şorrşigêrrane ketwarîy debêtewe û serkewtinîşî le kultûrbûyinda debêt, bebê ewe, le xeyallî goşegîrane û fentazî aydyalîstane bewlawetir nabêt. Hejên

Beşî dwazdehem

### Aya le xurt û xorayye ke markisîyekan engo be ajaweçî û dje komonîzm û dje krêkar dezanin ya berrastî enarkîzm her eweye?

Debêt ewe bllêm, bedaxewe zorêk le kese narrazayî û şorrşixwazekan, ke behoy zallîy aydyolocyay desellatixwazan [çepekan û markisîstekan], enarkîzm be dujminî krêkaran dezanin û retîdekenewe, hellbete weha hellwêstigîrîyek lelayen binkey ya beşî xwarewey part û grupe ramyarîyekanewe, le naagabûn û nebûnî zanyarîyaneweye lemerr enarkîzm çi wek hzir û çi wek bzûtnewey komellayetî. Çunke zorêk lewane katêk ke dekewne axawtin lemerr dunyay xewn û arezewuyan, deqawdeq komellgey enarkî wênadeken, bellam gîrodeyyan behoy aydyolocyawe, twanay begerrxistinî bîrkirdnewe û têrrwanînî kesîy û awez û locîkî lê sendûnetewe, bedillnyayyewe dewêrm bllêm, eger ew kese dillsoz û soşyalîstixwazane, çend satêk le katyan bo berawridî ewey beranber enarkîzm lelayen djekanîyewe gutrawe û ewey ke enarkîzm bexoyî [wek hzir û mêjûy komellayetî bzûtneweke] heye û çye, bken, ewan nek her debne enarkîst, bellku le enarkîstibûn û tîkoşan bo nasandin û perepêdanî em hizreda, letek êmey enarkîstda dekewne pêşbirrkê û twanay bîrkirdnewe û awez û têrrwanînî wirdbînaney xoyan bedestdehênnewe û be pêçewaney têgeyîştinî dewlletîy û partîyanewe [ramyarîyane] bo soşyalîzm, enarkîzm wek soşyalîzmî azadîxwaz [têgeyîştinî komellayetîyane] wêna û derkdeken.

Herweha le beranberda hîç gumanim lewe nîye, ke îdologekanî soşyalîzmî dewlletî, zor huşyarane û be wrîyayyewe djayetî hzir û bzûtnewey enarkî deken û deyşêwênin, çunke hzir û têrrwanînî enarkî djayetî serwerîyixwazîy û oturîtegerîy û pawangerîy û çepawillgerîy ewan û gişt xo be raberzan û şwane ramyarîyekan dekat û eger berrêkewt û be helle serok û endamanî nûsîngey ramyarîy û komîtey nêwendî part û grupe destebjêr û siktarîstekan bibne hellgirî hzir û têrrwanînî enarkî, ewa pêwêste dillxoşnebîn û be wiryayî û serincewe le derbrrîn û nûsîn û çalakîyekanyan birrwanîn. Boy heye be egerêkî zor zor kemewe, rojgarêk sermayedarêk lejêr perwerdey xêzanî û handanî ayînîyyewe bo komekî hejaran destberdarî sermayekey bbêt û karxane û kêllgekanî bkate herewezîy komellayetî û darayî komellge, bellam hergîz min hîç kat birrwa û mitmanem bew kesane nîye, ewaney ke detwanin serwer û fermanderî ewanî dîke bin [her le serokşaneyekewe ta dekate serokî partêk], bitwanin bibne enarkî û destberdarî xoballabînînî xoyan bin û waz le puçgerayî pêşrrewayetî û şwaneyî cemawer bhênin, çunke desellatixwazan beşî pêşrrew û huşyarî borcwazî û wirdeborcwazî bollebillekern, îdî lejêr her poşak û nawêkda xoyan be komellge bnasênin û têbkoşn, hîç le krroke serwerîyixwazekeyan nagorrêt !

Leberewe mnîş pêdagrîy leser boçûneket dekem, ke le xurt û xorayyewe nîye, ke desellatixwaze benaw soşyalîstekan djayetî şêwazî xebatî enarkîstî deken. Ewan bewperrî huşyarîyewe bew karehelldestin, çunke le cêkewtinî her şêwazêkî çalakî û karkirdin û bîrkirdnewey enarkîyda, boşbûnî jêrpêy xoyan le nêw bzûtnewekeda debnin. Bewatayekî dîke enarkîzm wek şêwazî bîrkirdnewe, takî

azadîxwaz berew mitmanekirdin be twanayyekanî xud û yekêtî letek hawderdanî û serbexoyî çalakî û rêkixrawbûn debat, ke eme be dîwekey dîkeyda dekate pişttêkirdin û wazhênan le wabesteyî, le distemobûn, le lexonamoyî, le rambûn bo ramyaran. Be kurtî enarkîyekan le xebatî komellayetîyda bwarî kayekirdin bo ramyaran nahêllnewe, ke bzûtneweke redûy desellatixwazan bkewêt, bo ewan soşyalîzm ne fazêkî ballay pêgeyîştinî bereberey geşey abûrîy û ramyarîye, ne berencamî nexşe û leqallbdanî aydyolocî komellge lelayen partî "pêşrrew" û ne berhemî bezeyî û sozdarîy sermayedaran û serweran, bellku berencamî kar û çalakî huşyaraney bzûtneweyekî komellayetîy dje serwerîye û tenya wîstkirdnî yekgirtuwaney çewsawan bo rizgarbûn le kot û bendekanî komellgey çînayetî, detwanêt msogerkerî weha amanc û dahatûyek bêt!

## Engo ku derrwanne pirsî yeksanî jin û pyaw ?

Pêş ewey le pirsî yeksanî û rizgarîy regezîy bidwêyn, pêwîste xoman leser xwêndnewey çemkeke yeklayîbkeynewe; aya mebest le yeksanî, yeksanbûnî jnan û pyawane le koyletîyda [yeksanî le milkeçîda bo fermanî serweranî komellge] ya rizgarbûnî yeksananey mrove le serwerîy mrov beser mrov û rizgarîy le pêkhate ser û xwarîyekan, yeksanî rizgarbûn le kotubende abûrîy û kultûrîyekan, yeksanî le geyîştin be beha mroyye ballakan?

Çunke beboçûnî min, ew ştey ke le masmîdya û pagendey nîolîbrallekanda be mafî jin û yeksanî jin û pyaw nasrawe, dîwêkî dîkey heman hellawarninî regezîye, herwa ke pyawsalarî / babsalarî leser bnemay stem le jnan xoy ragirtuwe û rewayetî be manewey xoy dedat, herwaş jinsalarî/ dayksalarî, leser bnemay stem le pyawan xoy radegrêt û rewayetî be serhelldanî xoy dedat û stemgerîy û hellawardin wek payey sîstmatîkî desellatî kultûrîy û ramyarîy dekate bnemay manewe/ drêjepêdanî xoy.

Leberewe, pyawsalarî û jinsalarî wek dûdîwî yek draw, tewawkerî yek sîstem û pêkhatey kultûrîy û ramyarîyn, ke leser bnemay hellawardinî mrovekan bepêy regez û ayîn û nejad û êtnî û pêgey abûrîy û plewpayey ramyarîy xorragirtuwe û drêje be manewey xoy dedat û bnemakanî xoy nojendekatewe û bepêy gorranî serdemekan, kaj û rwalletî xoy degorrêt; zîndûtrîn nmûne lem barewe, nîolîbralîzme, ke bêcge le dagîrkarîy nwêy û hellawardin û stemkarîy nwê û drêjedan be nayeksanîye komellayetîy û abûrîyekan, hîç ştêkî dîkey berhemnehênawe û berhemnahênêtewe, çunke wek wellamderewe be pêdawîstî parastinî komellgey çînayetî serîhelldawe nek pêçewaney ewe.

Lem rojaneda hejmûnî jinsalarî hênde teşeney pêdrawe, ke bînerî rûdawekanî kwêrkirduwe. Tenanet le xonîşandanêkda ke polîs serkutî xopîşanderan dekat, ta ew katey ke jnêk ber pelamarnekewtibêt, wêne û kurte vîdyoyîyekan, komellge tûşî şok û daçllekan naken. Aya eme her ew têrrwanîn û cîhanbînîye nîye, ke jin be lawaz û şayanî bezeyîpêdahatnewe dezanêt? Heman rwange nîye, ke pyaw be behêz û betwana debînêt û bo ew pyaw bergegrî hemû sextîyek degrêt û jin be lawaz debênêt? Eger na, edî leberçî lêdan û pelkêşkirdnî deyan û sedan pyaw û têhelldan û eşkince danyan, lelay bîner asayî werdegîrdirêt, bellam lêdan le jnêk le xopîşandanêkda komellge tûşî şok dekat? Aya eme le dû hokar zyatrî heye; yekem, jin bûnewerêkî lawaze û şayanî bezîypêdahatneweye; duwem, hejmûnî jinsalarî le rêy masmîdyawe beser têgeyiştin û têrrwanînî bînerda zallbuwe? Aya hîç bîrman le rehendî metrisîdarî weha kwêrbûn û naderbestibûnêkî regezperistane kirduwetewe, ke le ayendeyekî nzîkda fîmînîzmî desellatixwaz, cêgey aydyolocye êkispayerekanî borcwazî [ayîn û nasîwnalîzm] degrêtewe û debête hoy drêjedan be hellawardin û tundutîjî regezîy û be qazancî sîsteme çînayetîye deşkêtewe, ke em sîsteme bebê nayeksanî û tundutîjî û hellawardin, esteme bitwanêt yek taqe roj manewey negrîsî xoy msogerbkat?

Bellam hîç kat, eme bew wataye nîye, ke nayeksanî û pleçendîy jnan le komellgekanî ser goy zewîda nadîde bigrîn ya hellweşandnewe û lenêwbirdnî be erkî henûkeyî û herdemî xoman nezanîn û bew byanû û pasawanewe şanî xoman lejêr barîda xallîbkeyn. Nexêr, bellku mebest eweye, ke nekewîne jêr hejmûnî araste desellatixwazekan û be pagende brîqedarekanyan nexelletêyn û wawetir lewe radîkallane bnema û pasaw û hêze ragrekanî hellawardinî regezîy bdeyneber rexne û le nêw bzav û peywendîye komellayetîyekanda berperçî hejmûnî konepersitîy û hellawardin û pawangerîy nêrsalarane bdeynewe. Wate le kayekanî jyanî rojanemanda le bnemakanî hellawardin bdeyn, le xebat û daxwazîye komellayetîyekanmanda hellawardin welabnêyn û hêzî cemawerîy bo hellweşandnewey hellxirênîn. Çunke esteme bitwanrêt bzûtney azadîxwazaney krêkaran, bêkaran, cutyaran, xwêndkaran, fermanberan, mamostayan, xanenşînan le aradabêt û hellweşandnewey hellawardinî regezîy, druşmî nebêt, yeksanî û rizgarî xallî serekî daxwazî û bernamey nebin, herwa ke esteme bebê djayetîkirdnî hellawardinî danîştuwanî komellge beser xoyî û bêgane [xoyî û bêganey rasîstî û nasîwnalîstî û ayînî

û ..tid]da, bzûtneweyekî azadîxwaz bûnî hebêt!

Key take jêrdeste xebatkare huşyarekan twanîyan pirse komellayetîyekan le tan û poy hellpêkrawî komellayetîyda pêkewe grêbdenewe û wek giştêk xebat û çalakyan bo bken, ew kat, hem pirsî hellweşandnewey hellawardinî nêwan jin û pyaw û xoyî [hawullatî] û naxoyî [koçer], pirsî hemû bzûtnewe komellayetîyekan debêt û hem xebat bo çareserî pirsekanî dîkeş tewawkerî çareserî pirsî hellawardinî nêwan jnan û pyawan debêt. Be watayekî dîke, key jnan wek krêkar, wek bêkar, wek cutyar, wek xwêndkar, wek fermanber, wek mamosta, wek xanenşîn, wek çalakî grupe xocêyekanî gerrekekan û rêkixrawe cemawerîyekan hatemeydan û bekirdewe pirsî hellweşandnewey hewallardinyan beser tewawî bzûtnewe komellayetîye azadîxwazekanda giştîgîrkirdewe, ew kat îdî ştêk benêw ewe pirsî jnane û ewe pirsî pyawane bûnî nabêt û hemû pirsêkî jêrdestan, pirsêkî komellayetîy debêt û beşêk debêt le xebatî rojane. Bellam eger jnan bepêcewanewe, naderbestane bibne paşkoy partekan û perepêderî pagendey ramyaran û xoşbawerrîy be desellat û tînderî demargîrîy regezîy û nasîwnalîstî û ayînî û nîştmanî, ewa nek her pirsî hellawardin çaresernabêt, bellku hêndey dîke qulltirdebêtewe û zyatir teşenedekat û rîzekanî çewsawan beser regez û arastey ramyayîda dabeşdekat. Çunke her tak û regezêk le komellge û pirse komellayetîyekanda detwanêt rayelley pêkewebestnewey hêze komellayetîyekan bêt. Bo nimnûne jin wek dayk le xebatda bo parastinî mindallan le tundutîjî û dabînkirdnî mafekanyan, detwanêt be beşdarî çalakane le bzûtnewe û rêkixrawe serbexokanda, pirsî welanan û nehêştinî hellawardinî mindallan leser bnemay regezî le perwerde û xwêndinda pêşnyar û cêgîrbkat û bkate çeqî têkoşane cemawerîyeke, herwa jin wek krêkar, wek bêkar, wek cutyar, wek xwêndkar, wek fermanber, wek mamosta, wek xanenşîn û ...tid be beşdarî çalakane le bzavî cemawerîy û xebatî serbexoy komellayetîy ew çîn û twêjaneda pirsî hellweşandnewey hellawardinî regezîy bkate çeq û tan û poy koy xebate cemawerîyeke û bîkate bnemayekî cêgîrî xorrizgarîy bzûtneweke.

Be boçûnî min, bew pêyey hemû stemêkî çînayetî û regezîy û kultûrî, sereta destipêkêkî ramyarîy û serûkomellgeyî heye û bepêy cêkewtin û komellayetîykirnewey ew steme, detwanêt giştgîrbibêt û take jêrdestekan hem wek stemlêkraw û hem wek stemkerî naaga û naderbest rabgirêt. Leberewe tenya katêk detwanîn le lenêwbirdin û hellweşandnewey stem û hellawardinêk bidwêyn, ke zemîne komellayetîyekanî ew steme, ew hellawardneman lenêwbirdbin. Bewatayekî dîke wate katêk ke le hemû bware komellayetîyekanda hellweşandnewey ew hellawardneman kirdbête druşmî bzûtnewe komellayetîye dje serwerîyekan, îdî ew kat her stem û hellawardinêk tenya bwarî yasayî û ramyarîy û abûrîy sîstemî serwerîyda demênêtewe û wek bnemayek bo parastin û hêştnewey serwerîy çînayetî hewllî manewe û drêjebexodan dedat. Lew bareşda wek ezmûne mêjûyyekanî xebat û têkoşanî çewsawan nîşandawe, welanan û srrînewey be koy xebatî cemawerîy û hawsengî nêwan hêzî şorrş û djeşorrş peyweste. Eger na her dabrrandindnêk leser bnemay regezîy û nasîwnalîstî û ayînî û ..tid le xebatî komellayetîyda, tenya le xizmet be serwermanewey sîstemî çînayetî tewawdebêt û taqane perrcûy manewe û drêjekêşanî serwerîy çînayetîy kemîneye beser zorîneda, her ew dabrran û natebayye koellayetîyeye!

## Le nûsînekantda kemtir qse le çînî krêkar dekeyt, boçî ?

Bellê, awaye, emeş leber çend hoyek, yekem tenya çînî krêkar le komellgey sermayedarîda naçewsêtewe, bellku hemû krêgirteyekeyek, hemû nedarêk û hemû jêrdestêk [bêdesellatêk, fermandarîykrawêk] deçewsêtewe, bêcge lemeş be pêçewaney srute ayînîyekanî çep lemerr krêkaran, krêkaran hemuwan şorrşigêrrnîn çi wek tak û çi wek çîn, tenya krêkaranî huşyar û soşyalîst, krêkaranî xebatkar bo komellge naçînayetî şorrşigêrrn. Çunke zorîney krêkaran wek her koyleyekî dîkey xoşbawerr û sopasguzar le şwênî jyanewe ta karxane, le kultûrewe ta dengdan be kandîdanî parleman, le bekarberîy naderbestewe ta pêdagrîy leser desellatî kenîse û mizgewt, le hellawardinî regezîyewe ta şanazîy nasîwnalîstane û nejadpersitî û djayetî krêkaranî koçer, be jyan û bîrkirdnewe û amadeyyanewe, çi rastewxo û çi narrastewxo sîstemî çînayetî deparêzn. Herweha bêcge lemeş dawakirdnî zyadkirdnî krê û hendêk daxwazîy dîke bepêy hellawsanî drawî û berzibûnewey nrix, nakate şorrşigêrîy krêkaran, eger ewe bo şorrşigêrrbûn besbêt, ewa polîs û hêze serkutgerekanî dîkeş wek twêjêkî komellgey çînayetî, zor car xonîşandan û narrezayetî û daway zyadkirdnî mûçekanyan deken. Hellbete mebestim ewe nîye, ke xebatî rojane bo baştirkirdnî guzeran retbkemewe, nexêr demewêt bllêm, bebê hebbûnî têrranîn û cîhanbînîyekî şorrşigêrane lew xebateda [retkirdnewey sîstem û serwerîy çînayetî wek hokarî nayeksanîy], serencam hemû hewll û xebatêkî çewsawan be sûrranewe le bazney xoşbawerrîy rîformîstaneda kotayîdêt.

Bêcge leweş, min wajey prolîtarya [krêgirtan/ bêdesellatan] le cyatî wajey pîrozkrawî "krêkaran" be drusttir dezanim û eweş bekardebem, çunke hemû çîn û twêje bindest û çewsawe û bêdesellatekanî komellge degrêtewe û eger qse le çewsaweyî bêt, ewa hemû takêkî nadara û bêdesellat le sayey sîstem û pêkhatey çînayetîyda be rêjeyek deçewsêtewe, bellam çewsawebûn natwanêt şunasî

şorrşigêrrbûnî bêt û krêkarbûn xobexo take pêkhênerekanî çînî krêkar naxate berey şorrş û djayetî serwerîy çînayetî, bepêçewa newe eger xoşbawerrîy û amadeyî çewsawan bo parastinî sîstemî çînayetî nebêt, hergîz kemîneyekî sermayedar û serwerî sîstemeke, natwanêt komellgeyekî şeş milyard mroyî lem bareda rabgirêt.

Herweha newtraw nemênêtewe, ew hemû pîrozkirdney ke parte çepekan bo krêkaranî deken, hokarekey bo layengirîy ewan bo rizgarî krêkaran nagerrêtewe, bellku bo ewe degerrêtewe, ke em çîne bedbextirîn û nahuşyartirîn çîne û be asanî detwanin endamekanî bkene paşrrewî xoyan û dengekanyan bedestibhênin, her lebereweşe ke bawerryan be xorrizgarîy krêkaran nîye û be debeng û bêtwanayan dadenên û bo ew mebesteş xoyan wek rizgarker û firyadrresî krêkaran kandîddeken.

Eger be pagende û lawandnewey çepekan bêt, ewa bepêy têzekanî ewan debû serwerîy çînayetî yek çirke twanay xoragirtnî nebuwaye, çunke le lawandnewey hellxelletêneraney ewanda zorîney komellge krêkaranin û krêkaran çi wek çîn û çi wek tak besruşt şorrsigêrrn û djî sîstemî sermayedarî û xwazyarî komellgey komunsîtîn. Başe, katêk ke serweran le seda yek û krêkaran le seda newed û no bin û le seda (newed û no)ke hemû şorrşigêrr û djesermayedarî bin, edî le seda yek çon be drêjayî sedan sall twanay koylerragirtnî le seda (newed û no)key hebuwe û heye? Aya eme xoxelletandinêkî aydyolocî nîye? Aya eme çeştekirdnî çewsawan be dyarîkrawî krêkaran nîye bo amance desellatixwazîyekanî part û paşrrewrragirtinyan? Aya eme paradoksî ramyarîy nîye ?

Leberewe be boçûnî min, weha têrrwanînêk bedrêjayî sedekanî raburdû tenya xizmetî be xoşbawerrmanewe û şanazîkirdin be koyletî kirduwe, ke ayînekan û faşîstekan û çepekan be karkirdinyan leser cêxistnî têrrwanînî pîrozîy û şaznazîy kar le sayey sîstemî çînayetîda ta radey şanazîykirdin be krêkarbûnewe, krêkaranyan gewcanduwe, wek gutim ew hemuwe tyorîzekirdney şanazîdarîy karî çînayetî û berizragirtnî şunasî çînayetî, tenya lepênaw yek amancda buwe, ewîş xoşbawerrkirdnî leşkirî koylane be bextewerbûnyan le sayey bedesellatgeyîştinî "partî pêşrrew" û bexşînewey bellênî serxermane beseryanda, hellbete eme kar û pîşey hemû ramyarêke le çepewe bo rast!

## Êwe bawerrtan be kobûnewey giştî heye?

Bellê, bellam hellbete têrrwanîn û birrwabûn û gringî kobûnewey giştî bo enarkîyekan le weha wellamêkî kurtda tewawnabêt, çunke kobûnewey giştî le têrrwanîn û ezmûngerîy enarkîyekanda, amraz û mîkanîzmêke bo bergirtin be takrrewîy û desellatixwazîy destebjêre abûrîy û ramyarîyekan le encumenekan û sovyetekan û herewezîye krêkarîy û gelîyekanda. Eme bêcge lewey ke wek şêwaz û mîkanîzmêkî sruştî xebatî jêrdestan le korre krêkarîyekanî sedey nozdehemda gringîy mêjûîy selmênrawetewe û le têrwanînî enarkîyekanda buwete sruşbexiş û aferênerî sentêzekan, her xwênerêk le derewey pêşdawerîy aydolocîyda detwanêk le hemû serdemekanda le serapay edebyatî enarkîy [soşyalîzmî azadîxwaz]da pêdagrîy berdewam leser ew mîkanîzme sruştîyey xebatî krêkaran û xebatî cemawerîy bedîbkat, lew barewe detwanîn bgerrênewe ser miştumrrekanî nêwan ballî desellatixwaz û ballî djeserwerî nêw nêwneteweyî yekem, ke tyayanda enarkîyekan le nêw kobûnewekanî nêwneteweyî yekem û le dereweyda pêdagrîyan leser bnemabûnî kobûnewe giştîyekan û korr û komelle krêkarîyekan dekrid, herwek çon enarkîyekan le sovîyetekanî rusyada wek cutyaran û krêkaran û serbazanî huşyar yekemîn destipêşxeranî pêkhênanî sovîyetekan bûn û dwatir be hoy zallbûnî desellatixwazîy bolşevîkekan, le mêjûy şêwêndrawî ew sallaneda, sovîyetekan krane destkirdî kadre ramyarpîşekanî bolşevîk, her awaş kobûnewey giştî wek mîkanîzmî rêkixrawbûn û birryardanî nêw korre xebatkarîyekanî cutyaran û krêkaran û sûnetî karî enarkîstekan, şêwênrawe û deşêwپrêt û li krroke azadîxwazanekey kewilldekrêt.

Bepêçewaney tîrrwanîn û bekarbirdnî markisîstekanewe, kobûnewey giştî tenya amrazî hellbijradnî azad nîye, bellku amrazî birryardan û dabeşkirdnî kar û berêwebirdnîşe, bewatayekî dîke, le kobûnewe giştîyekanda hem pirsekanî komellge û pirsî grup û rêkixrawe xocîyekan dexrêne ber lêdwan û hem birryaryan leser dedrêt û hem kesanî amade û xobexiş bo cêbecêkirdin û drêjepêdanyan dyardekrên û hem organekanî kar û çalakî helldebjêrdirênewe, eme cyawazî suşyalîste azadîxwazekan û desellatixwaze benaw soşyalîstekan dyarîdekat.

Wek gutim, kobûnewey giştî ya kobûnewey cemawerîy çîn û twêje jêrdestekan le rewt û korrî xebatî rojaneda, dahênrawî kes nîye, rêsa û şêwazêkî xobexoy xebatî çînayetîye û le hemû serdeme mêjûyyekanda bûnî heye, tenya cyakerewe û taybetmendîyekî serdemîy ke heybêt, bo serebexoyî û naserbexoyî rêkixrawekanî xebatkaran degerrêtewe, wate katêk ke rêkixrawe cemawerîyekan paşkoy partêk ya

her destebjêrêkî ramyarîy bin, ewa xobexo kobûnewe giştîyekan le krroke xebatkarane û şêwaze azadîxwazanekeyan kewilldekrên û ewî demênêtewe, tenya nawêke û wek dêwcame be ballay şêwaz û mîkanîzmêkî dîkeda debirrdrêt. Bo nmûne le paş raperrînî azarî 1991we hem le şurakanda û hem le rêkixrawe cemawerîyekanî dwatirda, pêş destipêkirdnî kobûnewekan lelayen rêkixrawe ramyarîyekanewe kesekan dyardekran û endaman bo dengdan bewan û hellbijradin û pesendkirdnî boçûn û birryarekanyan agadardekranewe. Hellbete em karkirde hem le kobûnewey giştî gerrek û urdûgekanda degîrdrayeber û hem le kobûnewey giştrî endaman û lêjnekanî rêkixrawekanda degîrdrayeber; lew şwênaneda ke beşdarîy hemuwan hebû wek urdûgekan, kobûnewe giştîyekan tenya şwêêk bûn bo saxkirdnewey ramyarîy grupî zallî nêw rêkixrawe cemawerîyeke û beşdarbuwan hîç aşnayekîyan be şêwazî karkirdin û gringîy layenekanî nebû û tenya dengdanêkî narrastewxo bû, wate kesanêk helldebjêrdran û îdî her kes bo mallî xoy û çawerrwanmanewey raberanî asmanî. Bellam le kobûnewekanî rêkixrawekanda pirseke le mîkanîzmî giştî dengdanîşda nedemayewe û ta radey destegerîy û pêştir dyarîkirdnî dengdanekan û fermîydan be raberan berteskdebuwewe û her grupêk endamanî goêrrayellî xoy bo dengdan be ramyarpîşe be raberawekanî berrêdekrid û kobûnewe benaw giştîyekan debûne şwênî yeklayîkirdnewey şerredendûkî grupekan û endame desellatixwazekanyan [oturîtexwazekanyan].

Eme ezmûnî mne le barey têgeyîştinî çep le kobûnewey giştî û çonyetî bekarbirdnî bo şardnewey amance ramyarîyekan û xwastî desellatixwazîy û sruşte xosepêneranekey xoy [çep] û herweha têgeyîştinî mêjûîy azadîxwazane bo kobûnewey giştî û gringî wek mîkanîzmêk bo bergirtin le pawangerîy û xosepênî grupe ramyarîyekan û paşerwanyan le xebatî cemawerîyda.

## Be boçûnî to faşîzm çye ke hemîşe hemû dewlletêk be faşîst naw debeyt?

Faşîzm dyardeyekî konî komellgey mroyî nîye, bellku hawellduwaney dewlletî neteweyye û rêkxistinî ramyarîy maman û dayanîyetî. Pêş hemû ştêk bîrokeyekî ramyarîye û le prosêsî xorrêkxistinî hellgranî bîrokeke le rêkxistinêkî qûçkeyyeda, wek aydyolocyay partayetî derdekewêt debête demargîrîy û djayetî hemû cyawazîyek û hemû hewll û bûnêkî derewey grupe ramyarîyeke dekat û dwacar debête kultûrî endaman û layengranî grupe ramyarîyekan û têrrwanîn û cîhanbînî û guftar û reftaryan pêkdehênêt. Katêk ke bû be kultûrî tak, îdî hemû snûrekanî brrîwun û hemû peywendîye mroyî û komellayetîyekanî têkdawn û lenêwîbridûun û takî hellgir serbexoyî bîrkirdnewey ledestdawe û îdologekanî bzûtnewe faşîstîyeke guftar û reftarî dyardeken û arasteydeken, be watayekî dîke hemû rexneyek le grupekey be metrisî lenêwçûnî û djayetî xoy dezanêt û hemû napartîyek û naxodîyek be dujmin debînêt. Lew barewe eger serincibdeyn, hemû grupêkî ramyarîy, hemû pêkhateyekî qûçkeyî, hemû dewlletêk le sruştî bûnî xoyda, hellgirî geray faşîzme û letek gewrebûn û pîrbûnî, faşîzm be lutkedegat. Herweha zor car faşîzm le kardanewed a hestîpêdekrêt û ta katêk ke endam ya grupeke hest be metrisî nekat, dîwe rasteqîne [faşîstîyekey] xoy nîşannadat, eme le barey dewlletanîşewe her awaye, dewllet tenya le katî tengetawîda dîwe faşîstîyekey derdexat!

Faşîzm zadey serwerîye û pêdawîstî ya mîkanîzmî parastinî serwerîye le katî xwastrawda. Leberewe hem detwanêt le bîrokey ayînî û nasîwnalîstyewe serderbihênêt, hem egerî serhelldanî le bîrokey soşyalîzmî desellatgerayaneda heye, hem zadey desellatî kultûre û hem zadey desellatî ramyarîy. Her kat her kes û her grupêk çi abûrîy û ramyarîy û çi kultûrî, pêywabû ke rastî reha lay ewe, ewanî dîke hemû nezanin û pêwîstyan be destebjêrîy û raberîy û serwerîy ew heye, ewa bangî faşîzmî xoy rageyanduwe. Le serûy hemû emanewe geray faşîzm le sîstemî serwerîydaye, wate dewllet be hemû şêwekanîyewe, bêşke û lankî corêk le faşîzme û her kat serwerîy xoy kewte metrisîyewe, ewa bêperde deynêrête ser şeqamekan taweku xroşan û raperrînî çewsawan leberdem xoyda rabmalêt, ya bewatayekî dîke, awellduwaney desellatî serûxellkî [quçkeyî]ye, îdî ew desellate serûxellkîye dewlletêkî paşayî bêt ya dewlletêkî komarîy takpartitî û serbazîy û parlemanîy bêt.

Bo kesanî wirya û hestewer, emrro faşîzm wek gutar û wek reftar le rageyandinî gişt destebjêr û part û araste ramyarîyekan û lîst û ballekanî desellat û le mîdyay zallda, le hemû cêyek û le hemû satêkda seretatkêdekat, bellam hêşta bew rade tengetaw nebuwe, ke tank û deste "sed reşekan*"î ya layengre** "krasrreşekan"î birrjênêtewe ser şeqamekan . Wek ezmûnî mêjûîy herdem bzûtnewe û desellate faşîstekan le beranber peresendinî xebat û bzûtnewe azadîxwazekanda wek wellamdanewe be pêdawîstî parastinî serwerîy çînayetî [dewllet] le hellçûnda buwe, le wllatî îtalya komîtey karxanekan û bzûtnewey soşyalîstî berradeyek metrisîyan leser dewllet drustkirdbû, ke polîs û dezge sîxurîyekan natwana doşdamabûn û şkistî komellayetîy roj be rojî xoyan dedît, leberewe tenya bzûtnewey faşîstî "krasrreşekan" deytwanî le cengêkî komellayetîy fre rehendda, kobûnewe krêkarîyekan kutekkarî bkat û erke serekîyekey dewllet le estobgirêt. Herweha le allmanya û le wllatî îspanya'şi le beranber bzûtnewey soşyalîstî û serhelldanî xoberrêweberayetî herewezîye kiştkarîy û pîşesazîyekanda, tenya hêze faşîstekey cenerrall franko be komekî froke cengîyekanî hîtler û çekdare bekrêgîrawekanî, twanî

be zrêpoş û tîmekanî gullebarankirdin dwa senger û mall û dwa cengawer û dwa kêllge û dwa karge, lenêwbern!

Bekurtî faşîzm, rengdanewe û kirdeyîkirdnewey kînedozîy nasîwnalîzm û şovênîzme le desellatda, wate be lutkegeyîştinî nîştmanperwerîy û wi netewepersitî [lêreda mebest le nîştmanperwerîy, xwastî jêrdestan nîye bo rizgarbûn le dagîrker, herweha mebest netewepersitî, hestî hawizmanî û arezûy azadîy kultûrîy nîye, bellku mebest le aydolocyakanî desellatdarîy borcwazîye benawî netewe û nîştmanewe], le mêjûy nîştmanperwerîy û netewepersitîyda musolînî û partekey, hîtler û partekey û sedam û partekey nmûne zînduwekanî serdemî ême û pêş êmen. Hemû bzûtneweyekî ramyarîy û hemû grupêkî ramyarîy û hemû pêkhateyekî qûçkeyî û ramyarîy, hellgirî geray faşîzme û her kes be awirrdaneweyek le raburdûy ramyarîy xoy, le grup û bzûtnewe ramyarîyekanda naagayane hellwêst û têrrwanîn û gutar û kirdarî faşîstîy peyrrewkirduwe, herçende hîç kat amancîşî ewe nebûbêt ya le xeyallî xoyda djî rjêmêkî faşîstî wek be's'îş cengabêt, bellam le kardaneweyekî faşîstîda xerîkî peyrrewkirdnî faşîsm buwe. Lêreda detwanim nmûneyek bhênmewe, ke her êsta le rûdandaye û eger berengarîy beranber bitwanêt bbête metrisî, ewa bedaxêkî granewe debîne bînerî faşîzmî nasîwnalîzmî kurd lem herêmeda; le êstada be pallpiştî desellatî ramyarîy, şovênîzmî zmanî le kardanewedaye beranber daxwazîy reway axêweranî zmane kurdîyekanî dîke [kelhurrî û horamî û zazakî û kirmancî], her kat berengarîy û pêdagrîy axêweranî ew zmanane geyişte yaxîbûn û metrisî bo ser xewne şovîstîyekey roşnibîranî desellat, ewa faşîzm wek miştî polayînî desellat, naçardebêt xoy le pişt dêwcame dêmokrasyekey derbxat û xwên û xak û barut têkellbkat. Eme xeyall ya tirsî herremekî nîye, eme rastîyeke û le sallanî raburdûda nûseran û roşnibîranî desellat çendîn car gllopî sewzyan bo xistnegerrî maşênekey be fermanî "serok" hellkirduwe, ke bo bergirtin be azadî û bekarbirdnî mafî rewayî dîgeran, dîwe faşîstîyeke derbxat. Herweha cengî nêwxoyî 1961-1998 û dwatrî nêwan partekan û mîlîşyakan û desellatdaranî bocwazî kurd tijyetî le dîmenî derkewtinî dîwe faşîstîyekey desellatixwazan û herdem cengî srrînewey yekdîyan kirduwe !

***********************************

*sed reşekan, hêzî taybetî împratorî tzarîy rusye bûn, ke le beranber raperrînî sallî 1905 û raperrînî fêbrîwerî û oktoberî 1917da bekarîhênan.

**krasrreşekan, layengranî musolînî bûn, ke kar û çalakîyan hêrrişkirdneser mangirtnî krêkaran û çalakî yekêtî û sendîkan û korr û komelle soşyalîstekan [komunîstekan û enarkîstekan] bû.

***********************************

Bo xwêndnewey beşî yekem, kirte leser em besterey xwarewe bke

Beşî yekem : http://wp.me/ppHbY-HN
Beşî duwem : http://wp.me/ppHbY-HY
Beşî sêyem : http://wp.me/ppHbY-If
Beşî çwarem: http://wp.me/ppHbY-IH
Beşî pêncem: http://wp.me/ppHbY-IK
Beşî şeşem: http://wp.me/ppHbY-Jb
Beşî hewtem : http://wp.me/ppHbY-Jm
Beşî heştem : http://wp.me/ppHbY-Jt
Beşî nohem: http://wp.me/ppHbY-JM
Beşî dehem : http://wp.me/ppHbY-JR
Beşî yazdehem : http://wp.me/ppHbY-K3